ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (کردەوە) کە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەکان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەکاتەوە؟

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا ڕێنیشاندەرتان بم بۆ هەندێك (کردەوە) کە بە هۆیانەوە خوای گەورە لە تاوانەکان خۆشدەبێت وپلەتان بەهۆیانەوە بەرز دەکاتەوە؟»، ووتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «دەستنوێژگرتن (بە شۆردنی ئەندامەکان) بە کاملّی وڕێکی سەرەڕای بوونی ناڕەحەتیش، وزۆر هەنگاو نان بەرەو مزگەوت، وچاوەڕێکردنی نوێژێک پاش تەواو بوونی نوێژێکی تر ؛ چونکە بەڕاستی ئەمەیە پاسەوانی و سەنگەرگرتن بەرامبەر دوژمن ((ئەمەیە جیهاد».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا دەتانەوێت کردەوەیەکتان پێ بڵێم کە هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکانتان، وبۆ سڕینەوەی لە کتێبی فریشتەکان، وبۆ بەرزبوونەوەی پلەکان لە بەهەشتدا؟ هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، دەمانەوێت پێمان بڵێیت. فەرمووی: یەکەم: دەستنوێژگرتن بە ڕێکی وکاملّی لەکاتی ناڕەحەتی ؛ وەکو سەرما، وکەم ئاوی، وئازاری لاشە، وئاوی گەرم. دووەم: زۆر هەنگاونان لە ماڵەوە یان لە هەرشوێنێکی ترەوە بەرەو مزگەوت، ودووبارە کردنەوەی ئەم کردەوەیە. سێیەم: چاوەڕێ کردنی کاتی نوێژکردن، وبەستنەوەی دڵ بەم چاوەڕوانیە، وخۆئامادەکردن بۆی، ودانیشتن لە مزگەوت بۆ چاوەڕوانیکردنی نوێژی بەکۆمەڵ، ئەگەر لە مزگەوتدا چاوەڕوانی نوێژ بکات ؛ ئەمیش هەر بە نوێژکردن بۆی دەنووسرێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ئەم کردەوانە خۆئامادەکردنی ڕاستەقینەن بۆ جیهاد کردن؛ چونکە ڕێگا ودەرگاکانی شەیتان دادەخات بەرەو نەفس، وزاڵبوونە بەسەر هەوا وئارەزوو، وڕێگر دەبێت لە وەسوەسەکانی شەیتان، بەم شێوەیە کۆمەڵی خودا سەردەکەون بەسەر سەربازەکانی شەیتان ؛ ئەمیش گەورەترین جیهادە، بۆیە لە پلەی خۆئامادەکردنە بۆ جیهاد لە سەنگەری دوژمنان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3574